سەرۆك وەزیران دوای کۆتایی هێنان بە سەردانەکەی بۆ بەسرە گەڕایەوە بۆ بغدا

محەمەد شیاع سودانی سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران ئەمڕۆ یەکشەممە گەڕایەوە بۆ بغدای پایتەخت، دوای کۆتاییهێنان بە سەردانەکەی بۆ پارێزگاری بەسرە.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆك وەزیران لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: محەمەد شیاع سودانی سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران گەڕایەوە بۆ بغدای پایتەخت، دوای کۆتاییهێنان بە سەردانە دوو ڕۆژەکەی بۆ پارێزگاری بەسرە، کە ئەمانەی خوارەوەی لەخۆگرتبوو:

کردنەوەی کارگەی دەرفەڵەی ئاسن لە کەمپانیای گشتی ئاسن و پۆڵا کە لە ساڵی 2003ەوە ڕاگیراوە، بە توانای بەرهەمهێنانی 500 هەزار تەن ساڵانە.

کردنەوەی کارگەیەکی پێینی یەریا بە توانای بەرهەمهێنانی هەزار تەن لە ڕۆژێکدا، هەروەها کارگەی پێینی داب کە توانای بەرهەمهێنانی 500 هەزار تەن ساڵانە.

کەبوونەوە لەگەڵ پارێزگاری بەسرە و هەردوو جێگرەکەی و سەرۆك و ئەندامانی ئینجومەنی پارێزگا.

سەرپەرشتیکردنی کەبوونەوەیەکی تایبەت بە پڕۆژەی شیرینکردنی ئاوی دەریا لە بەسرە کە گەورەترین پڕۆژەی جیهانە.

کەبوونەوە لەگەڵ نوێنەرانی چینە جیاوازەکانی خێپیشاندەران لە پارێزگا.

دیدار لەگەڵ سەید عەبدولعال موسەوی و کەمەك لە کەسایەتییە ناودارەکانی بەسرە و پیاوانی ئایینی و شێخەکانی عەشیرەت لە پارێزگاکە.

دەستپێکردنی کار جێبەجێکارەکان بە قەناغی سێیەمی پڕۆژەی پڕۆپەدانی ژێرخانی لە قەزای شار لە پارێزگای بەسرە، دیارترینیان شاری پزیشکی عیزەدین سەلیم.

کێبوونەوە لەگەڵ سەرۆك و بەڕێوەبەری پێکهاتە کارگێڕییەکان لە باکووری بەسرە.

دیدارێك لەگەڵ کەمەك خێك و کەسایەتییە دیارەکانی قەزای شار.